





# "ژنانی شاعیر و دیسکۆرسی فێمینیستی"

## شەهلا دەباغی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# "ژنانی شاعیر و دیسکۆرسی فێمێنیستی"




## شیعری کەژاڵ ئەحمەد و سارا فەقێ خدر و ژیلا وەک نمونە.

نووسینی: شەهلا دەباغی

**– ئەم لێکۆلینەوەیە پاییزی ٢٠٠١ لە زانکۆی سۆدێرتۆرن Södertörn ستۆکهۆڵم، بە زمانی سویدی لەلایەن خاتوو شەهلا دەباغی یەوە نووسراوە. ٣٠ لاپەڕە.**

لە دەیەکانی ٨٠ - ٩٠ دا نووسینی شێعر لە لایەن ژنانی کوردەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستی پێ کرد و ئەو شێعرانە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ و بناخەیی خۆ لە شێعری شاعیرانی پیاو جیادەکەنەوە. بەهۆی ئەوە کە ڕەخنەی ئەدەبی بەگشتی لەناو ئەدەبی کوردیدا لاوازە، شێعری شاعیرانی ژن بە شێوەیەکی ئاکادێمی قسەی لەسەر ناکرێت. هەتا ئێستا نووسینی ژنان لە

پەراوێزی شێعری پیاواندا، وەلا دەنرێت. بەگشتی زۆر جار دەبیسین کە دەگوترێ ژنان لە زمان و شێعر هیچ نازانن. بەداخەوە تا ئێستا بە شێوەی زانستی و ئاکادێمی شێعری شاعیرانی ژن لە کوردستان نەچۆتە پای هەڵسەنگاندنێکی ئاکادێمی/ ئەدەبی.

کاتێک بۆ نووسینی ئەو کارە بەدوای ماتێریال و نووسراوەدا دەگەڕام، چ بە شێوەی ڕەخنە، وتار لە کتێب و گۆڤارەکاندا بێ، و چ لە ئینتەرنێتدا، هیچ توێژینەوەیەکم بەدی نەکرد. تەنیا ژمارەیەکی تایبەتی گۆڤاری تاڤگە نەبێ کە تایبەت بوو بە مەرگی شاعیری جوانەمەرگ ژیلا حوسێنی. لەو ژمارە تایبەتییەدا زیاتر باسی ژیانی ژیلا کراوە و هەروەها چەند نووسراوەیەکی خودی ژیلای تێدا چاپکراوە. کە هەڵبەتە ئەو کارە، جێگای ڕێز و پێزانینە. لە سەردەمێکدا کە زۆر کەس خودی "بوونی" ژن نابینن، چ بگا بە نووسینەکانیان. لە گۆڤاری تاڤگەدا تەنیا داستانی "زستان" هەڵسەنگاندنێکی کورتی لەسەر کراوە.

**بەداخەوە، زمانی کوردی زمانێک نییە کە لە دونیای ئاکادێمی ڕۆژئاوادا توێژینەوەی پێ بکرێت. هەربۆیە ئەو کارەی من چەند ئامانجی هەیە:**

١- هەڵسەنگاندنێک بێ لەسەر شێعری ژنانی کورد بە زاراوەی سۆرانی.
٢- ناساندنی هەر نەبێ چەند شێعرێکی ژنی کورد بە سویدییەکان
٣- و ئەو شاعیرانە بەشێکن لە ئەدەبی جیهانی.

لە سوید لە ساڵی ١٩٩١دا کتێبێک بە ناوی بۆنی هەورەکانی وڵاتی من، بڵاوکراوە کە ٣٠ شیعر لە ١٤ شاعیری پیاوی کورد دەبەر دەگرێ کە کراونەتە سویدی. تەنانەت یەک شێعر لە شاعیرانی ژنی تێدا نییە.

نوختەحەرەکەتی من ئەوەیە کە ئەو شاعیرانە پێکەوە بە نووسینی خۆیان وێڕای جووڵانەوەی ژنان، دیسکورسێکی فێمێنیستی پێکدێنن و دەخوازن کە پۆزێشوونی ژن لە کۆمەڵگەدا بگۆڕن. بۆ ئەو کارە من سێ شێعرم لە سێ شاعیر، لە ڕۆژهەڵات و لە باشووری کوردستان بە زاراوەی سۆرانی کە بۆخۆم بە ئەو زاراوەیە دەنووسم و دەدوێم، هەڵبژاردووە.

**شیعرەکان بریتین لە:**

**– چەند کۆپلەیەک لە شێعری وتەکانی وتن، کەژاڵ ئەحمەد، لە کتێبی وتەکانی وتن (سولەیمانی، ساڵی ١٩٩٩)**

**– پرسیار، ژیلا حوسێنی** (١٩٦٣ - ١٩٩٥)، **لە کتێبی گەشەی ئەوین** (سنە، **ساڵی** ١٣٧٤)

**– شێعری جەژن و جەنگ کە سارا فەقێ خدر، خەڵکی قەڵادزێ، بە دەستنووس وێڕای نامەیەک بۆ دۆستێکی خۆی لە ستۆکهۆڵم ناردبووی. من شێعرەکەم لەو خۆشەویستە وەرگرت.**

**T. Moi لە هەڵسەنگاندنی خۆی سەبارەت بە نووسینەکانی سیمون دێ بۆڤار لە کتێبی چۆن ژنێکی ڕۆشنبیر درووست دەکرێ** (١٩٩٦)، **لە چەمکێک/ تەرمێک بە ناو diskursivt nätverk ، شبکەگفتاری، کەڵک وەردەگرێ. واتە مۆی تەواو نوسینەکانی سیمۆن دێ بۆڤار لە پەنا یەکتر و لە بەرامبەر یەکتریان دادەنێ تا لێکدابڕان** (گسست)، **وێکچوون** (شباهت) **و دژایەتی لە تێکستدا، لە نووسینەکانی ڕابردوودا نیشان بدات و سیمۆن وەک نووسەرێک هەڵسەنگێنێ.**

**من شێوەکاری مۆی بەسەر شێعری سێ شاعیری ژنی کورد تەتبیق دەدەم و تێکستەکانیان لە پەنا یەکتر و لە بەرامبەر دیسکۆرسی دەسەڵات و ساختاری فکری – کۆمەڵایەتی، دادەنێم بۆ ئەوە کە بزانم لە نووسینی ئەو شاعیرانەدا چی دێتە گۆڕێ.**

**کاتێک من باس لەوە دەکەم کە ژنان بە نووسینی خۆیان دیسکۆرسێکی فێمێنیستی سازدەکەن، دەکرا کە چاو لە نووسینەکانی تر وەک داستان، ڕۆمان، هتد بکەم. بەڵام بە بڕوای من شیعر زیاترین ڕادەی بەرهەمی ژنان پێکدێنن و بۆ هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبی - سیاسی دەستدەدەن. لەم لێکۆلینەوەی مندا باسی لایەنەکانی ئێستێتیکی شێعرەکان ناکرێت، بەڵکو تەنیا لایەنی پەیام و مەزموونی شێعرەکان باس دەکرێت. تا ئێستا ئەوەندەی من ئاگادار بم، هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبی ئاکادێمی بە مێتۆدی فێمێنیستی، لەسەر شێعرێکی کوردی نەکراوە. لەو کارەدا بیۆگرافی ئەو شاعیرانە نایەتە گۆڕێ.** (**تەنیا ساڵی لەدایکبوون و کۆچی ژیلا هاتووە**(.

**من هەوڵدەدەم کە خوێندنەوەیەکی فێمێنیستی لە دەق** (تێکست) **بدەمە دەست. بۆ خوێندنەوەی ئەو تێکستانە لە تێیۆریەکانی M. Foucault سەبارەت بە دەسەڵات، سۆسیۆلۆژی کانادایی Smith تێیۆری مۆزێعی و پێناسەی Edward Said لە چەمکی ڕۆشنبیر، کەڵک وەردەگرم و تێکەڵاوی باسەکەمیان دەکەم.**

**چەمکی بەرداشت، خوێندنەوە، Interpret لە تێکست بۆ من هەر هەمانە کە Ehn باسی دەکا:**

**"ئەوەکە بگوترێ بەرداشت چییە کارێکی ئاسان نییە. دەکرێ بێژین کە بەرداشت هیپۆتێزێکە کە باسی مەزموون و ناوئاخن دەکا. توێژێر کۆدەکان دەخوێنێتەوە، مانایەک دەداتەدەست و ڕستە ئازاد دەکا".**

**شوێنی پیرۆزی شێعر**

**دوای ساڵیانی ساڵ خوێندنی ڕەخنە، ڕۆمان و شێعر، تا ئێستاش بۆ من شێعر دەقێکە کە بتوانێ ڕۆحت بهەژێنێ، لە یاد و مێشکدا بمێنێتەوە و جێ پێی خۆی بەجێ بهێڵێ:**

**"سۆفی گۆشەی خانەقابووم، ئێستا پیری مەیکەدەم**
**زاهیدی خەڵوەنشین بووم، ئێستا مەست و مەیزەدەم"**

**(بەرەو ئاسۆ لە ناڵەی جودایی، ١٩٧٩)**

**/..../**

**شێعر لە کوردەواری دا بەگشتی ئەرکێکی گرانی خراوەتە ئەستۆ. هیچ جێگای سەرسووڕمان نییە کە ژنانی کورد کە هەمیشە لەژێر زەخت و چەوسانەوەدا بوون، ژیانی ڕۆژانە دەکەنە تێکست تا بتوانن ساختاری دەسەڵات بێننە ژێر ڕەخنە و بەدوای کەسایەتی خۆیاندا دەگەڕێن. ئەگەر جاران شاعیری ژنمان زۆر نەبووە، ئێستا لە بەراوەرد لەگەڵ پێش ١٩٨٠، نوسینی ژنان زۆر زیاترە. وەک قەڵەم بەدەستانی پیاو، ژنانیش زیاتر خۆ بە شێعرەوە خەریک دەکەن. جەزابییەتی شێعر بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە ڕۆماننووسین لە لای ئێمە بە درەنگی دەستی پێکردووە و هۆیەکیتر دەتوانێ ئەوە بێ کە لەو کۆمەڵگەیانە کە خوێندەواری زۆر نییە، ئەدەبی زارەکی ڕۆڵێکی بەرچاوی بووە و میراتی کەلتوری، زار بە زار دەگاتە جیلەکانیتر. لێرەدا شێعر بە هاسانی دەکەوێتە سەر زاران و پەیامەکان بڵاودەبنەوە. هۆی تریش دەتوانی ئەوە بێ کە شێعر بە جوانی، موسیقا و کێشەی خۆی، توانیویەتی ببێتە شەمێک و ڕێگا نیشان بدا. بۆ وێنە لە سەرەتای سەدەی ٢٠ دا ژنانی کرێکاری سویدی بە ناردنی شێعر، نامە و داستانی کورت دەیانتوانی دەنگی خۆیان بە کۆمەڵ ڕابگەیێنن .**

**هەر ئەو دیاردەیە لە کوردستان دەبینین. شێعرنووسینی ژنان جێگایەکی تایبەتی بۆخۆی وەدەستهێناوە. تایبەتمەندییەکانی شێعر ڕێگادەدەن کە لە ڕێگای ئەو مێدیۆمە، سەددی سانسۆر و کۆنترۆڵ بشکێ.**

**شاعیرانی کورد، فارس، عەرەب، زۆر جار توانیویانە پەیامی خۆیان لە تاریکترین ساتەکاندا بە خەڵک بگەینن:**

**"ئاخ، ئەگەر ئازادی سروودێکی دەخوێند**
**بچووک**
**تەنانەت بچووکتر**
**لە گەرووی باڵندەیەک"!**

شێعری نوێی کوردی بە شێعری یەکێک لە گەورە شاعیرانی کورد، واتە ماموستا گۆران (١٩٠٥ - ١٩٦٢)، خۆ لە شێعری کلاسیک جیادەکاتەوە. ماموستا گۆران لەژێر کاریگەری شێعری ئینگلیسی، ڕێگایەکی تازەی بۆ دەربڕینی بیرەکانی جیلی جەوان لە جیهانی شێعردا کردەووە. بەدوای گۆران دا بوو کە لە فۆرم و ناوئاخنی شێعری کوردیدا ئاڵوگۆڕ پێکهات و چەندان شاعیر بە شێوەیەکی تازە و نوێ، بە زاراوەی سۆرانی دەستیان کرد بە نووسین. مەبەستم لە شێوەی تازە ئەوەیە کە ئیتر وەزن و قافیە و فۆرمی شێعری کلاسیک وەک جاران، نەما. هەروەها، تێما، پرسیار و بابەتەکانی شێعر لە چەشنیتر بوون. ئیتر تەنیا باسی ئەوین نەبوو کە لە سەری دەنووسراو بیر و هەستەکانی جۆراوجۆری تاک، individuality لە نووسیندا جێگای خۆیان کردەوە.

زاراوەی سۆرانی لە چەند لاوە کاریگەری پێوە دیارە. لە ڕۆژهەڵات کەلتور، ئەدەب و شێعری فارسی و لە باشوور شێعر و زمانی عەرەبی کاریگەری بەرچاویان لەسەر شێعر بە زاراوەی سۆرانی داناوە. لە باشوور بەهۆی خوێندن بە زمانی کوردی، دوای ساڵانی ١٩٧١ و هەبوونی زانکۆ ، گۆڤار، ڕۆژنامە، هتد بە زمانی کوردی، دەکرا بە کوردی شێعر بڵاوبێتەوە.

ئەگەرچی زمانی کوردی قەت زمانی ڕەسمی نەبووە، بەڵام ئەو زمانە توانیویێتی خۆی ڕابگرێ. هەستی نەتەوایەتی و ئاواتی سەروەری کورد لەو هۆکارانە بوون. کێوە بڵیندەکان و جوگرافیای تایبەتی کوردستان بۆ مانەوەی زمان هۆیەکیتر بووە. بەڵام دیارە کە کەلتور و سیاسەتی دەوڵەتانی باڵادەست، شوێنی تایبەتی لەسەر زمانی کوردیدا بووە، بەتایبەت دوای دابەشکردنی کوردستان لە پەیمانی لۆزان و دواتریش پەیمانی سیڤەر.

شێعر بە شێوەی سەرزاری، لەناو ژنی کورددا هەمیشە بووە. بەڵام دوای ساڵانی ١٩٦٠ و چوونە قوتابخانەی کچان بە شێوەیەکی بەربڵاو، نووسینی ژنانی کورد بەگشتی دەستی پێ کرد. هەروها هێندیک یاسا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و ژنانی ناسراوی نەتەوەکانیتر، کاریگەرییان کردۆتە سەر ژنانی کورد. فەروغ فەروخزاد (١٩٣٣ - ١٩٦٥)، شاعیری گەورەی فارسزمان یەک لەوانەیە. دەکرێ بڵێین کە فەروغ هەمان ڕۆڵی هەیە کە ئێدیت سۆدێرگران لە ساڵانی ١٩٠٠ لە سوید هەیبوو. ئێستاش هەرچی زەمان دەڕوا، بەرزی فەروغ زیاتر و زیاتر دەردەکەوێ. بەداخەوە فەروغ زۆر بە جەوانی لە دونیا ڕۆیشت و تەنیا ٣٢ساڵ ژیا.

**بەڵام هەر ئەو جۆرە کە خۆی دەڵێ:**

**"دەنگ، دەنگ، تەنیا دەنگ**

**تەنیا دەنگە دەمێنێ**



سەرچاوە Serchawe

کەس منی بە خۆر نەناساند
کەس منی بۆ میوانی چۆلەکەکان بانگ نەکرد
فرمێسک وەبیر بێ
باڵندە دەمرێت".

**ئانالیزی شێعرەکان**

**١- چەند کۆپلەیەک لە شێعری "وتەکانی وتن"، کەژاڵ ئەحمەد، کتێبی وتەکانی وتن:**

"شاخ هێندە لووتبەرزە
دڵی لای کەس ناکاتەوە
ئەڵێ هەرگیز خۆشەویستیم نەکردووە
فرمێسک ئەشارێتەوە
لۆچ ئەخاتە نێوچەوانی و پێناکەنێ
بۆیە کە ئەتەقێتەوە
هەموو ناخی دێتە دەرێ و
ئاوێکی ئاگرین
بە چواردەورا ئەپرژێنێ"
- بورکان وای وت -

لە کەلتوری کوردیدا زۆر جار پیاو وەک چیا باسی لێدەکرێ. زۆر کوڕ کە لەدایکدەبن، ناوی چیاکانی کوردستانیان لەسەر دادەندرێت، ئەو کێوانە یان بەرزن و یان ڕووداوێکی مێژوویی لەوێندەرێ ڕوویداوە. کێو هەمیشە وەک شوێنێک باسی لێدەکرێ کە پاڵەوپشتی پیاوان و ژنانە. پیاو لە کەلتوری کوردەواریدا هەمان تایبەتمەندی هەیە کە کێو هەیەتی. پیاو و کێو هەردوو بەرزن. بەڵام ژن بنارە، دەشتی بەر پێی کێوە. ژن لە خوارەوە بۆخۆی کەوتووە، لە کاتێکا کە پیاو لوتکەیە. "کێو" مێتافۆرێکە بۆ ڕاوەستان: پیاو کێوە کە قەت نابەزێ و دە بەرامبەر تەواوی دژواریەکاندا ڕادەوەستێ. بەڵام ژن کاتێک بوونی هەیە کە کێو هەبێ و دەشت لە بوونی لوتکەدا مانا پەیدادەکا. ژن وەک ئەوی‌تر بوونی‌هەیە و بۆشایی بەپێی نیازی پیاو، پڕدەکاتەوە.

شاعیر کەژاڵ ئەحمەد ئەو مێتافۆرە سەروخوار دەکا و تەنیا هێزی کێو نیشان نادا، بەڵکو تایبەتمەندییەکانی‌تری کێو/پیاو نیشاندەدا. کێو کە خۆی لە ئەزمە و قەیراندا دەبینێ و کاتێک کەسانێک هەن کە دژ بە دەسەڵاتی ئەو ڕادەوەستن،



سەرچاوە Serchawe

شێت دەبێ و ئامادەی پڕژاندنی ئاگرە بە دەوروبەری خۆیدا. ئەوە هەمان کاتە کە ئیتر هەست و خۆشەویستی مانای نامێنێ. کێو هێندە دڵی لای کەس نەکردۆتەوە و لە هەستەکانی پیرۆزی ئینسانی خۆی دوورکەوتۆتەوە؛ لە قەوارەی ئینسانی خۆی چۆتەدەر و بۆتە بوونەوەرێکی سەرتر لە ئینسان. کێو بۆتە قەیوومێک کە مافی تایبەتی هەیە. پیاو دەتوانێ مانعی ژن بێ و مافەکانی ژن زەوت بکا و لە دەستی خۆی بگرێ. تەنانەت ئەو ڕۆڵە هێندە پەرەی ساندووە و بێ سنوورە کە دەتوانێ ژن بکوژێ و ژیانی لێ بستێنێ. کەم نین ئەو ژنانەی کە لوت و گوێیان دەبڕدرێن و دەکوژرێن، تەنیا بە تاوانی خوشویستن. بڕینی لوت و گوێ کۆدێکە کە ئێمە دەزانین لە چ کاتێکدا بەکاردێت.

کاتێک میشێل فۆکۆ باس لە دەسەڵات و دژدەسەڵات دەکا، ئەوە دێنێتە گۆڕێ کە دەسەڵات ئامادەیە تاوان بکا، هەر بۆئەوە کە بتوانێ خەڵک بترسێنێ و دەسەڵات ڕابگرێ. هەرچی دژدەسەڵات زیاتر بێت، ئەوە دەسەڵات زەختی خۆی زیاتر دەکا.

**دەنگی ژن وەک دژدەسەڵات، دەبێتە هۆی ئەوە کە کێو وەک بورکانێک دەوروبەری خۆی بسوتێنێ. جووڵانەوەی تاکی ژن لە بەرامبەر پیاودا زۆر جار بە کوشتن و سووتانی ژن تەواو دەبێ.**

"ڕەشەبا وتی
کڵێشەی ئەم دنیایەم بە دڵ نییە
هەوڵ ئەدەم بە وێرانکردن بیگۆڕم
پێم وت منیش وەکو تۆ بەدڵم نییە
بەڵام دەمەوێ بە ئەوین بیگونجێنم"
– شەماڵ وای وت –

لە بەردەوامی شێعرەکەدا شاعیر بە دوو تێڕوانینی جیاوازەوە دەڵێ کە چوارچێوەکانی ئەم جیهانەی خۆش ناوێ و خۆی لە پۆزیشوونێک/ ڕەشەبا دادەنێ کە دەخوازێ دنیا سەروژێر بکا. بەڵام لە هەمان کاتدا شەماڵێکە کە دەخوازێ بە شنەبای ئەوین جیهان بگۆڕێ. هەڵبەت دەکرێ بڵێین کە ڕەشەبا دەتوانێ دەسەڵات بێ کە بە وێرانکردن و یاسای دژ بە ئینسانی دەخوازێ کە جیهان بگۆڕێ. گرینگ لەو کۆپلە شێعرەدا ئەوەیە کە پلاتفۆرمی ژن بۆ ئاڵوگۆڕ، ئەوینە بۆ دنیایەکی بێ شەڕ. کۆدەکانی ڕەشەبا و شەماڵ، دەکرێ وەک دوو لایەنی دەسەڵات و دژدەسەڵات و هەروەها دوو لایەن و دوو دەنگی جیاوازی ناو دەروونی خودی شاعیر بن کە دەیکاتە فاعل. هەروها لێرەدا دەتوانین دوو شێوەی بەربەرەکانی لەگەڵ گرفتەکان ببینین. ڕەشەبا لە پرۆسەیەکدا دەبێتە شەماڵ. هەمان پرۆسە کە سمێت باسی لێ دەکا. سمێت دەڵێ کە ژنان لە ژیانی ڕۆژانەدا توانایی و زانایی وەدەست دێنن کە بتوانن دنیا و هەلوومەرجی ژیانی خۆیان بگۆڕن. شێعرنووسینی ژنان بەشێکە لەو پرۆسە و کەرەسەیە، بۆ ئاڵوگۆڕی دەروونی شاعیر و کۆمەڵگە.



سەرچاوە
Serchawe

باسکردن لە ئەوین بە ئاشکرایی لە شێعری شاعیرانی ژن دا، دوای ١٩٨٠ بەرچاوە. هەڵبەتە زۆر پێشتریش بۆ وێنە لە شێعری مەستوورەی کوردستانی (١٨٠٥ - ١٨٤٧) دا، باسی ئەوین بە ئاشکرا هاتووە. بەڵام لێرەدا تەنیا مەبەست لە ئەوین بە مانای کلاسیک نییە. شاعیر دەخوازێ بێتە ناو جەرگی باسەکانی کۆمەڵایەتی و لە درووست کردنی جیهاندا بەشداری بکا. شاعیر دەڵێ کە ئێمەی ژن بەشێکین لەو جیهانە کە توانایی و خەلاقییەتمان هەیە و بە کار و ئەوینی خۆمان دەتوانین بەشێکی کارساز بین بۆ دنیایەکی ئارام. شاعیر بە هیوای گۆڕان و لابردنی کلێشەکانە. ئەو جنسێک نییە.

**ئەو تاریفەکانی پێشووی لە چەمکی ژن قەبووڵ نییە و ئەو نۆرمانەی کە دژی مافی ئینسانە دێنێتە ژێر پرسیار. شاعیر بەدوای درووست کردنە، نەک ڕووخاندن.**

"ڕێگا نەبوو
وشەکانم بە قاچاغەڕێدا هانی
تەقەیان لێ کردم
ئەسپەکەم بەرکەوت و
سەبەتە گوڵەکەم ڕژا
هاواریان لێکردم: تۆ کێیت؟!
نا...، وڵامم نەدانەوە
چونکە دەمزانی چەکبەدەست
قەت لە قەڵەمبەدەست ناگات"!
– ئەمە قسەی شەهرەزادە –

خود لەم کۆپلەیەدا ژنێکی زامدار نییە و دەبێتە فیگورێکی ئەبەدی: شەهرەزاد. شاعیری ژن لە پرۆسەی وەدەست هێنانی زانابییدا ئەگەرچی زۆر جار ئازادی لێ دەستێندرێ، بەڵام بە دانش و خرد دەگات. وشە قاچاخەکان سەرئەنجام هەر دەبیسترێن. وشەکانی شاعیر هەمان وشەکانی شەهرەزادن کە هەزار و یەک شەوی بە ناوکرا. ئەو، ڕۆشنبیرێکە کە زۆر پرسیار لە مێشکیدا خوول دەخۆن. شەهرەزاد ژیانی خۆی وەخەتەر دەخا بۆئەوە کە هەم خۆی و هەم ژنانیتر نەجات بدا. نەجاتدانێک لە ڕێگای وشەوە.

ئێدوارد سەعید لە کتێبی بەرپرسایەتی ڕۆشنبیر دا باسی ئەوە دەکا کە ڕۆشنبیر کەسێکی سەربەخۆ و بەئیرادەیە، ئەگەرچی ڕەنج دەبا، بەڵام توانایی ئەوەی هەیە کە باوەڕ و ئیدەی خۆی بێنێتە مەیدان. لەو کۆپلە شێعرەدا دەبینین کە چۆن شاعیر لە ژیانی ڕۆژانەی ژنان دەدوێت. شاعیر لە باری فیزیکییەوە بێتوانایە و چەک بەدەست نییە و شەڕ ناکا، بەڵام بە وشە و

بیری خۆی، دەسەڵاتی چەک بەدەستان و پیاوان دێنێتە ژێر ڕەخنە. پاشماوی سیستیم و یاساکانی بەعس، کەلتوری دژ بە ژن، تەنگیان بە ژنان هەڵچنیوە. سیستیم و کەلتور بە ڕۆژێک ناگۆڕێت و پرۆسەیەکی درێژخایەنە. شاعیر باس لەو شوێن و کاتە دژوارە دەکا کە هیچ دەرەتانێک ناهێڵێتەوە بۆ دیالۆگ. دەسەڵات ڕێگا نادا وشەکان بە ئازادی بڵاوببنەوە. تەنانەت تەقە لە شاعیر/ ڕۆشنبیر دەکرێت. لە شاعیر دەپرسن کە کێیە؟! ئەو کەسانە کێن کە پێش بە وشە دەگرن؟ بۆ ئەسپ/ نیشانەی ئازادی، دەستڕێژ دەکەن؟ بۆ کارێکی وا دەکەن کە شاعیر گوڵەکانی، واتە وشەکانی، لێ بڕژێ؟ بەشێک لە خود و گیانی شاعیر واتە ئەسپ دەئەنگوترێ. واتە دەسەڵات بە کردەوەی خۆی دەستدرێژی دەکاتە سەر هەست و بیری شاعیر.

ئەو کەسانە، ئەو چەک بەدەستانە هەر هەمان پاشماوەکانی بەعس، بەکرێگیراوانی دەوڵەتانی‌تر و بگرە نەیارانی ناوخۆیین کە مافی هاووڵاتی خەڵک بە ئاکاری دژی ئینسانی خۆیان لەژێرپێ دەنێن. کاتێک چەک قسە دەکا، کاتێک چەک لەناو خەڵکدا بڵاوە، کاتێک گرووپەکانی ڕادیکاڵ چەک و ئایدۆلۆژی بەکاردێنن، هەلومەرجی نالەبار پێکدێت و ئاسایش لە ئینسانەکان دەستێندرێ. لێرەدا بیری سەدەکانی ناوەڕاستە کە بڕیار دەدا تا دەنگەکان خەفەکرێن و لەژێر ناوی جوراوجۆر دەستدرێژی دەکاتە سەر ژیانی تاک و کۆمەڵ. زۆر جار دەستدرێژی بۆ مافی ژنان خۆ لە بن نێوی جوراجۆردا دەشارێتەوە. فاکتەرەکانی سیاسی، ئێکۆنۆمی، ئایینی و کەلتوری، پێکەوە دەست لەناو دەست، تۆڕێکی ئاڵۆز دەچنن. دەسەڵات بە بۆچوونی فۆکۆ حەقیقەتەکانی خۆی دروست دەکا. بە مانایەک، هەم واقعیەتی ڕۆژانە و هەم خەیاڵ بەشێکن لە ئاکامی مێکانیسمی دەسەڵات. دەسەڵات دەتوانی زۆر کردەوە وەک "شتێکی نورماڵ و قەبوڵکراو" نیشان بدا.

هاوکات لەگەڵ ئەوە، کولتوور زیندانێک نییە کە دەست ببەستێتەوە. بەردەوام کولتوور لە گۆڕان دایە. تاک زۆر جار ڕۆڵێکی گرینگی بۆ گۆڕانکاری هەیە و دەتوانێ سەربەخۆ دەستبەکار بێت. هەر بۆ وێنە کەژاڵی شاعیر، لە کوردستانی نوێ دا ستونێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە دەتوانێ لە وێندەرێ بنووسێ. هەڵبەتە ئەو کارە لەژێر دەسەڵاتی لایەنێکی سیاسی تایبەت دایە و بەپێی بۆچوونی ئێدوارد سەعید، دەتوانین بڵێین کە سەربەخۆ نییە، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە تاک بتوانێ لە ژێردەسەڵاتیشدا خۆی فۆرمولە بکا، سەربەخۆ بێ و کاریگەری دانێت.

ژنان مافی خۆیانە کە لە مێدیاکان، گۆڤارەکان، رادیۆ هتد کەڵک وەربگرن. ئێستا لە کوردستان بە سەدان کچ شێعر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاودەکەنەوە و کاری ژورنالیستی دەکەن. ئەو ئیمکانە دەکرێ لە خزمەت جووڵانەوەی ژناندا بێت.

هەر لە ئاکامی ئەو جووڵانەوە ڕەوایەدا ساڵی ٢٠٠٠ یاسایەکی تازە لە پارلەمانی کوردستان ئیمزا کرا کە "کوشتن لەژێر ناوی نامووس و شەرەف" بە قەتڵ دەناسرێت و سزا دەدرێت .

**٢- "پرسیار" لە شاعیری خۆشەویست ژیلا حوسێنی، کتێبی گەشەی ئەوین:**

**"سەرپۆشە شڕەکەی دایکم**
**دەسبەرداری سەرم نابێ و**
**ئەڵێ: من هی داپیرەتم**
**ڕەنگە ئەویش لە داپیرەی خۆیەوە بۆی بەجێ مابێ**
**سەریشم پەنجەرەی تاقبازی بەرەو ئاسمانە**
**حەزئەکا ڕۆژان میوانداری هەتاو بکات**
**شەوانیش مانگ و ئەستێرە.**
**چاویلکەیەکی قەترانیش لە دایکم بۆ ماوەتەوە**
**ئەڵێ: دنیا هەر ئەمەیە تۆ ئەیبینی**
**لەگەڵ هەر گرمەی هەورێکا، قارچکی سەد پرسیاری**
**دووپات و تازەش**
**لە چاوانما هەڵەتۆقێت".**

**ژیلاحوسێنی کتێبی گەشەی ئەوین ی لە ساڵی ١٩٩٤دا بڵاودەکاتەوە. ئەوە بەو مانایەیە کە شێعرەکانی ناو ئەو کتێبە لە سەردەمی حکومەتی جمهوری ئیسلامی‌دا نووسراون. واتە لەم دەورانەدایە کە ژنان دەبێ چارشێو و حیجابیان هەبێ و لە شەقامەکان لەگەڵ نامەحرەم ڕانەوەستن و هتد.**

ژیلا بەو شێعرە کۆنترۆڵ و دەسەڵات لە زاویەی دیدێکی کولتوورییەوە دێنێتە ژێر ڕەخنە. شاڵ و سەرپۆش، کە لە دایەگەورەکانەوە بۆ ژن ماوە، دەست لە سەری شاعیر هەڵناگرن. سەرپۆش کە قژ دادەپۆشێ، سیمبۆلی ئیختێناق و گوشار، بۆ شاعیر هیچ نرخێکی نییە. ئەوە کە ژن دەبێ شێوەیەکی تایبەت لە جلوبەرگی هەبێ، بەشێکە لە مێکانیسمی کۆنترۆڵ لە لایەن پیاوسالاری و دەسەڵاتەوە. چۆنیەتی لیباس‌دەبەرکردنی منداڵان هەر کە لە دایک دەبن، واتە ئەگەر کوڕ بن لیباسی شین و ئەگەر کچ بن لیباسی سورەتیان دەبەردەکرێ، هەنگاوی هەوەڵە کە کەسایەتی ژنانەبوون/ پیاوانەبوون، دەداتە ئینسانەکان. سەرپۆش کە نیشانەیەکی ژنانەیە، ئیتر بۆ شاعیر نۆرمێکی پیرۆز نییە، بەڵکو ئەو دەخوازێ ئەو نۆرمە کۆنە فڕێ بدا. شاعیر لە ئەو میرات و نۆرمانە کە خودی ژنان هەڵگریبوون و لە ڕۆڵی دایەگەورەکان فاسیلە دەگرێ و خۆی وەک ئینسانێک/ فاعیلێک دەبینێ، نەک جسمێکی ژنانە کە تەماشاکردنی خەتەربێ. وشەی سەرپۆش بۆ ئەوە دێت کە جێگا بۆ نۆرمێکی تر، واتە ڕزگاری لە قەیدوبەندی جلوبەرگ، خۆشکا. بیۆرک پێی وایە کە ژنانەبوون ئەزموونێکی کۆمەڵایەتییە کە



سەرچاوە Serchawe

لە جلوبەرگ و زمان و سیستیمدا خۆ نیشاندەدا. ئەوە کە ژن دەبێ جۆرێک لیباس دەبەربکا و جۆرێک بجووڵێتەوە، بەشێکە لەو کەسایەتییە کە دەسەڵاتی پیاوسالار بەسەر ژنی دادەسەپێنێ. ژن دەبێ ژنانە بێ، چونکە دەسەڵات دەخوازێ کە ژنانەبوون وەک شتێکی سرووشتی و زگماکی کە لەگەڵ مروڤ لەدایک دەبێ نیشان بدا، تا بتوانێ دەسەڵات بەپێی جنس دابەش بکا. تەواوی ئەو شتانە دەبنە هۆی ئەوەی کە ژن ژێردەستە وەمێنێ و سەرپۆش دەبێتە هۆی ئەوە کە ژن وەک جسم، نەک ئینسان، دەبیندرێ. ئەوە ئەزموونێکە کە پیاوان نییانە.

ژیلا باسی ئەوە دەکا کە چۆن تەنانەت چاویلکە کە بۆ باشتر دیتن دەبێ بەکاربێت، دید و زاویەی بینینی شاعیر دەگۆڕن. ئەو جۆرەی کە دەسەڵات تەنزیمی دەکا. میتۆدی سمیت لە لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە ژیانی ژنان نیشان دەدا کە چۆن ژنان لە ژیانی ڕۆژانەدا بەردەوام دوگانگی تەجرووبە دەکەن. ئەو ئەزموونە دەبێتە کاکڵی هەڵوێست گرتنی ژنان. ژیانی ڕۆژانە لە لایەن هێزەکانی باڵادەست ئۆرگانیزە دەکرێ. شاعیر ناچار دەکرێ کە لە چوارچێوەدا جیهان تەماشا بکا و دەست لە کونجکاوی هەڵگرێ.

کاتێک فۆکۆ دەسەڵات تەوسیف دەکا، نیشان دەدا کە چۆن دەسەڵات پێناسەی کەسایەتی دروست دەکا. فۆکۆ دەڵێ کە ئایدێنتیتی لە پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و دەسەڵات جیا نین. دەسەڵات بەهۆی چاویلکەیەکی ڕەش دەخوازێ جیهان تاریک و تەنگ نیشان بدا، بە چەشنێک کە دیدی شاعیر کەم بێتەوە و خەیاڵەکانی لێ بستێنێ و یان شکڵێکی تریان بداتێ.

بەڵام شاعیر چی هەیە جگە لە پرسیار؟ بە هەر زەختێک، قارچکی پرسیار هەڵ ئەتۆقنەوە و ژنان بەدوای ڕێگاچارە و وڵامدا دەگەڕێن تا کەسایەتییەکی تازە بۆخۆیان سازبکەن.

ئایدێنتیتی حاڵەتێکی ڕاوەستاو/ ثابت و لامتغیر نییە. ئایدێنتیتی پرۆسەیەکە کە بەردەوام لە حاڵی گۆڕان و پێکهاتنە. Giddens پرۆفێسۆر لە کۆمەڵناسی، باس لەوە دەکا کە لە جیهانی ئیمرۆدا، تێکنیکی باڵا، ئامرازی پێوەندی و مێدیا، شوێنێکی تایبەتیان هەیە بۆ کارکردن لەسەر ئیندیوید و ئیمکانی تاک بۆ ئەوە کە پێوەندی سازبکا بەبێ ئەوە کە فاکتەرەکانی جێگا و کات، گرفتێک دروست بکەن. فاکس، ساتەلایت، ڕادیو، پێوەندی لەگەڵ ئەوانی دەرەوە و باڵاتر لە هەموان، هێزی خودی خەڵک و ویستیان بۆ گۆڕانکاری لە کۆمەڵدا، ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لەسەر تاک.

تاکەکان توانایی ئەوەیان هەیە کە سازندەی ژیانی خۆیان بن. لە هەر ساتێک کە ژن لە بەرامبەر پیاوسالاری و دەسەڵاتدا ڕادەوستێ، پرسیارەکان دووبارە و سەدبارە دەبنەوە. وەک تاک، بیر و هۆشی شاعیر، پەنجەرەیەکی ڕوو بە ئاسمانی تێدایە کە دەتوانێ میوانداری هەتاو، مانگ و ئەستێرەکان بکا. پەنجەرەکان دەبێ بکرێنەوە هەتا بیری تازە و نوێ بێتە مەیدان و



سەرچاوە
Serchawe

گەندەڵ و گەنیو بڕۆن. شاعیر بە کەڵکوەرگرتن لە ژیانی ڕۆژانە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو "دوگانگی"یە، بە سیمبۆلەکانی سەرپۆش، چاویلکە، ئاسمان و پەنجەرە، نیشان دەدا. ئەو دژ بەیەک/تەزادانە، دەبنە هۆی ئازار و ناکۆکی لە دەروون و خەیاڵی کەسەکاندا، کە بە بۆچوونی سمیت دەبنە هۆی پرۆسەی وەدەست هێنانی زانایی و سەرئەنجام هۆی دۆزینەوەی ڕێگاکان.

**دوکتور سەعید پێوەندی**، باس لەوە دەکا کە ڕادەی دانشجویانی کچ لە ئێران زیاتر لە ٦٠%ە. پێوەندی باس دەکا کە کچان هەرچی زۆرتر بۆ لای خوێندن دەڕۆن تا کە ڕێگای بەربەرەکانی بدوزنەوە و ئازادبن. "زانست و خرد"، توانایی بە ئینسانە بێدەسەڵاتەکان دەدا و بەم چەشنە کچان لە ماڵەوە دێنە دەر و تامی ئازادی دەچێژن و دنیای دەرەوە تەجرەبە دەکەن.

**٣- شێعری جەژن و جەنگ، سارا فەقێ خدر، ٨ی مارس ١٩٩٥ نووسراوە.**

"لەم جەژنە کپ و خامۆشەدا
تەنها شتێک خرۆشاوە
تەنها شتێک ناخی سڕبووم دەهەژێنێ
تەنها یەک شت!
تارمایی ئەو شێرەژنانەی
لە شەوێکی سارد و سڕدا
لەسەر چنگ، بە هەورازێکی سەختدا هەڵدەزنێن
ئەو ژنانەی
خەو چاوانی جێ هێشتوون و
مایەی ساختە قاقای پیاوانن
سەدان تۆمەت:
لادان لە یاسا پیرۆزەکان!
بەڕەڵایی، بێئاوەزی، بێئابڕوویی
بێ... بێ... بێ هەموو شتێک!
جەژنە و
لەم خۆرهەڵاتە خۆرئاوابووەدا
پیاوی خاوەن ژن و
وڵات و

جەنگ
دەکوژێ و
دەکوژرێ و
میراتی مەینەتییەکان
بۆ ژنی خاوەن هیچ جێ دەهێڵێ!
جەژنە و
شەپۆلەکانی سرووودی جەنگ
گەردەکانی هەوا دەخاتە سەما
بۆنی مەرگ پەخش دەکا
بەڵام دەریای خەبات و جەژنی ئێمە
بە دەمی سەگی ئەم جەنگە پیس نابێ"!

هەمیشە و لە هەموو شوێنێک، کەسانێک هەن کە یاسا و نۆرمەکانی بەڕواڵەت پیرۆز، بشکێنن. لەو شیعرەدا پارادۆکس/ دژایەتی یەک، لە تێڕوانینی جۆراوجور بە مافەکانی ژنان نیشاندەدرێ. لە چاوی شاعیردا ئەو ژنانەی کە سنوورەکان دەشکێنن، قارەمانن. بەڵام لە چاوی دەسەڵاتەکان دا ئەو ژنانە خەتاکار دەبیندرێن. ئەو ژنانە دەبنە هۆی گۆڕانکاری و پەیدابوونی نۆرمی تازە کە پیاوسالاری دێنێتە ژێرپرسیار. هێندێک جار ئەو ژنانە بە بێئەخلاق ناودەبردرێن. سێبەری ئەو ژنانە دەروونی شاعیر دەهەژێنێ. سێبەری ژنانی ناسراو و نەناسراو کە لە شەوانی سارد و سڕدا بە هەورازە سەختەکاندا سەردەکەون. ئەو شەوانە بۆ جێژن دەشێن و کاتێکی پیرۆزن کە هەموو کەس جێژنیان ناگرێ، بەڵکو تەنها هی ئەوانەیە کە لە بەرامبەر تانە و تەشەر و تۆهمەتدا ڕادەوەستن، ئەوانەی کە خەو لە چاوانیان بزربووە.

بۆ دەبێ کاتی جێژن ئاوا سارد و بێدەنگ بێ؟ ئایا ئەو شەوانە، شەوانی کوشتنی ژنان لەژێر ناوی "ناموس و شەرەف" نییە؟ ئایا ئەو شەوانە دەورانی تێپەڕکردن/ گذار نییە؟ ئەو بڵندیانە کە دەبێ ژنان بەسەریدا زاڵ بن چین؟ ئایا هەمان نۆرمە گیان سەختەکان نین کە چەنگیان پێویستە تا بتوانێ بەسەریاندا زاڵ بێ؟ ئەو کولتوورە تا بگۆڕدرێ، گیانی سەدان کەسیان قووتداوە. ئەو گرفتانە ڕیشەیەکی قووڵیان هەیە و هێندێک جار کار بۆ گۆڕان زۆر دژوارە.

ئەو شەوانە بێدەنگن، واتا زۆر کەس زوڵم لە ژنان دەبینن بەڵام هەڵوێست ناگرن. تەنانەت ئەوانەی کە ناوی خۆیان داناوە ڕۆشنبیر. ئەوان بە بێدەنگی خۆیان، ڕێگایان بۆ گرووپە کەلەڕەقەکان و دەسەڵاتی پیاو خۆش کردووە کە مافەکانی ئینسانی بخرێنە ژێر پێ. بێدەنگی هێندێک جار یاسایەکی نەنووسراوە کە دەسەڵات لە مێکانیسمی خۆیدا هارتر دەکا.

تا ئێستا بە سەدان کچ لەژێر ناوی "شەرەف"دا کوژراون، چونکە نەچوونەتە ژێربـاری زوڵـم. فۆکۆ بـاس لـەوە دەکـا کـە چۆن دەسـەڵات لـە ڕێگـای دیسـپلین، کـۆنترۆڵ و نۆرمـاڵ نیشـاندانی یاسـاکان، خـۆی دادەسـەپێنێ. دەسـەڵات پێوەنـدی نێـوان ئینسانەکان کۆنترۆڵ دەکا و هەموو شتێک لە دەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵات، دژ بـە یاسـا و نـۆرم دەناسێنێ. پێوەندی نێوان جنس و دەسەڵات لە چوارچێوەی زەختدا دەتوانین بێنینە بەر باس. دەسەڵات جسمی ژن دەکاتە شتێک کە "هیستری سازدەکا" و دەبێ کۆنترۆڵ بکرێ.

ڕووناکی وڵاتی شاعیری جێ هێشتووە. لەم وڵاتەدا پیاو ساحێبی جەستە و ڕۆحی ژنە. پیاو خاوەنی هەموو شتێکە لە کاتێکدا کە ژن نە خۆی هەیە و نە "هیچ". لەم وڵاتەدا شەڕ بەردەوامە. پیاو چ بکوژێ و چ بکوژرێ، میراتی خەم بۆ ژن جێ دەمێنێ. شەڕی ناوخۆیی و شەڕ لەگەڵ داگیرکەران، ئاسەواری قووڵی لەسەر کۆمەڵگە داناوە و بەشێک لە پەیامەدی نێگاتیڤی ئەوە بۆ ژنان بووە.

هەروەها لەژێر ناوی ناموسدا، ژن دەکەوێتە بەر پەلامار. ژن ژێردەستەیە و شاعیر خەمگین، بەڵام هومێد هەیە. تەنیا ڕێگا بۆ لەناوبردنی ئەو درزە قووڵە، تێکۆشانە.

هەرچەندە پروپاگاندە بکرێ و بەرچەسب لێ بدرێ، دەریا، نمادی زایش و خـاوێنی کە لـەم شیعرەدا بـارێکی زۆر پـۆزێتیڤی هەیە، بە دەمی سەگ ئالوودە نابێ. دووبارە شاعیر، تێمێک بە دوو نیگا دێنێتە ئـارا. دەریـای بێکـەران، بـەو پیسـیـیە کە تێیداوێن، گلاو نابێ. لێرەدا ژن و جووڵانـەوەی ژنـان بـە مێتـافۆری دەریـا ناویـان دێت. هەمیشـە خەتـەری لۆمە و تۆهمەت هەیـە، بـەڵام تـازە مارشـی ژنـان وەڕێکـەوتووە و پێشـی ناگیرێـت. بـەم جـۆرە تـەنیا ڕاوەسـتان لـە بەرامبـەر دەسـەڵاتی پیاوسالاردایە کە دەتوانێ ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕی بنـەڕەتی لـە دیـدمان بـۆ دوو چەمکی حەقیقـەت و ئـەخلاق. پێوەندییـەکانی ناو دەسەڵات یەکلایەنە نین و بەبێ دژدەسەڵات، دەسەڵات مانای نییە.

## بەرئەنجام

زۆر ژن لـە کوردسـتان دەسـتیان داوەتـە نووسین و دەخـوازن جێگە و پۆزێشـوونی ژن لـە کۆمەڵگـەدا بگـۆڕن. ئـەو ژنانـە لـە ئۆپۆزیسوون/ دژدەسەڵاتدا جێگا دەگرن و بە ئاواتن ساختاری دەسەڵات بگۆڕدرێ. ژنانی شاعیری کورد لـە فـازی سـەرگەردانی و ئێلیناسیۆن هاتوونەتە دەر و لەپێناو پەیـداکردنی کەسایەتییەکی تـازە، دەسـتیان داوتـە ئـازادنووسین و دووری کـردن لـە خودسانسۆری. جووڵانەوەی ژنانیش یارمەتیدەری ئەوانەن کە ئازایانەتر بنووسن.

شاعیرانی ژن وەک تاکی ڕۆشنبیر، ڕۆڵی کاریگەریان هەیە بۆ ئاڵوگۆڕ. نووسین بۆ ئەوان وەک کارێکی پڕمانایە کە دواتر بە بڵاوبوونە لەناو خەڵکدا باسوخواسی لەسەر دەکرێ، واتە نووسینی ژنان دەبێتە کارێکی ڕۆشنبیری کە ئۆرتۆدۆکسی، دۆگمەکان و هێژمۆنی پیاو دێنێتە ژێر پرسیار.

ژنانی نووسەر و جووڵانەوەی ژنان پێکەوە گفتمانێک/ دیسکۆرسێکی فێمێنیستی پێکدێنن. شاعیرانی ژن ژیانی ڕۆژانە و ئەزموونەکانی خۆیان و ژنانیتر دەکەنە تێکست و دەخوازن کە دیتنی ژن وەک جنسی دووەم نەمێنێت. ژنان ئامادەن کە هێز و توانایی خۆیان، ئەوین، خەون و ئەزموونەکانیان بۆ سازکردنی کۆمەڵگەیەک کە تێیدا ژن بەهۆی زمان، بیۆلۆژی و مێژوو، جنسی دووەم نەبێ، بەکاربێنن و بەهیوان کە ئینسان لە دوو کاتێگۆری ژن/ پیاودا، دابەش نەکرێت و هەلومەرجێک پێکبێت کە ژن/ ئینسان، وەک ئینسان چاولێبکردرێن نەک وەک جنس.

## تێبینی

- سێپتامبری ٢٠٠٤ بۆ هەوەڵ جار بەشێک لە لێکۆڵینەوەکە بۆ پێشکەشکردن لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی ژنانی کورد لە زانکۆی تاران کراوەتە کوردی. ١٤ لاپەڕە.

- نۆڤامبەری ٢٠٠٤ بەشێکی کورتکراوی وتارەکە بە کوردی بۆ سایتی دیمانە ئامادە کراوە. ١٢ لاپەڕە.

- هێندێک چەمک بەرامبەرەکەیان بە فارسیش هاتووە بۆئەوەی یارمەتیدەر بێت بۆ ئاسان ناسینەوە. هێندێک فاکتەریش مومکینە لە ٣ ساڵی ڕابردوودا ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتبێ.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٩

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بانەمەڕی ٢٧٢٥ی کوردی = مای ٢٠٢٥ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ شەهلا دەباغی بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم بابەتە بەنرخە.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

